# کۆمەڵەی تاوانبار یان
# لێکۆڵەوەری سەقەت!
# وڵامێک بە ئەیوب ئەیوبزادە.

ئەحمەد بەهرامی

پێشەکی! 070712

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ لەسەری بدوێم، وەڵام بەباسێکە لەژێرناوی ناسینی کۆمەڵە لە تویێ بەڵگەدا.نووسەر هەوڵدەدات باس لەسەر کیشەی ناوخۆی کوردستان ونێوان حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە بکات.

هەموو دەزانن کە ئەم کارەسات و ژانە،دەگەڕێتەوە بۆ بیستوشەش تا بیستو حەوت ساڵ لەمەو بەر،لەبزووتنەوەی کوردستانی ئێران،لەنێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکڕات و هەمووی لایەنەکانی بەشدار لەم بزووتنەوەیەدا. **وەڵامی منیش بۆو سەردەمە دەگەڕێتەوە و هیچ  مەڕبووت بەمرۆونین.** هەمووی ئەوە دەزانین ئەم کارەساتە، دایم وەک زامێکی کوشندە،بەسەر پەیکەری بزووتنەوەی کوردستانەوە جێگاکەی دیارە.

مەسەلەیەک کە مەڕبووتە بەم کارەساتەیە، ئەیوبئەیوبزاد هەستاوە بە نووسینی"کتێبێک"لەژێرناوی ناسینی کۆمەڵە، لە تویێی بەڵگەنامەدا. بەڵام لەژێر ناوی ئەم  دروشمەدا، ئەیوب ، **ناڕاست و دوور لە ڕاستی، کەوتۆتە تۆمەت لێدانو بە لاڕێدابردنی ئەسڵی بابەت لە سەر ئەم مێژووە، کۆمەڵە بەکورد کوژ!! بە هەڵگیرسێنەری شەڕی خوێناوی کورد تاوانبار دەکات.**

من وەک شەخسی خۆم زۆرم پێخۆشە،ئێمە باسی ڕابردووی خۆمان بکەین. کارەکانی ناو بزووتنەوەکەمان،بدەینە بەرلێکۆڵینەوەو زمانی ڕەخنە، بتوانی بەخەیاڵی ئاسودەوە کار لەسەر ئەم بابەتانە بکەین. نەک بێخەبەرانە خەڵکی تۆمەتبار کرێ و بەقاتڵ بدرێتە قەڵەم. بابێن و باسی شکانو بەهەدەر چوونی زەمان بکەین، باسی ژانی ڕابردوو بۆ داهاتوو،باسی تاک ڕەوی و خۆفەڕزکردن و هەڵاواردنی بەشدارانی ناوبزووتنەوەکە،کێیە زمانی قەڵەم دەبڕێ! هەمووی ئەمانە بۆ کۆمەڵگا ڕوون بێتەوە. هەوڵدەین ئەو لاپەڕانە هەڵدەینەوەو باسی لەسەر بکەین، کارەسات و بیری پاوانخوازی، کییە دەست بۆ چەک دەبات؟! با هەوڵدەین و ئەزموونی لێ وەرگرین. بەجێگەی دەست بردن بۆ تفەنگ،کاری فکری سیاسی بۆ بکەین! ئەزموون لە ڕابردووی کارەساتبارو خوێناوی، لە فکری کۆن و پاتریاکی، لە مەجبوورکردنی بەزۆر! بۆ قبووڵی باوەڕی داسەپاو وەرگرین. کۆمەڵگا بەرەو پەروەردەی سەردەم هاندرێ!! ئەگەر قسە لەگۆڕان و دنیای تەمەدوون دەکرێ و باسی ئازادی بۆ تاکی کۆمەڵ دێتە گۆڕێ؟ دەبێ هەوڵ بدرێ کار بۆ گۆڕینی فەرهەنگی کۆن و تەحەمولی یەکیش بکرێ؟ هەوڵبدرێ ئەو شتە کۆنو تەنگوچەڵەمانەی ڕێگرن لە بزووتنەوەی کوردستاندا بناسین. بە شیوەیەکی زانستی و ڕاوێژکردن، بە تەحەمولی یەکو بەشێوەی شارستانی سەردەم چارەسەرکرێن. بۆ بارهێنانی کۆمەڵگایەکی شارستانی و مەدەنی، بۆکۆمەڵگایەکی دێموکڕاتیک و شایستە پێکەوە ژیان! خیتابی

سیاسی و ڕەخنەو کاری ڕەوشەنگەری بگرینە بەر،باوەش بۆ تێگەیشتووی لە ڕەخنەو باسی فکری بگرینەوە. خاڵی ڕێگرو بەرەو پێش بناسین، جەماوەری کوردستان و دەسەڵاتی کۆمەڵ بۆم ئەرکە ئامادەکرێ. بەقسە و خیتابی ناو ڕۆژنامەکانمان هەڵنەبەزینەوە؟ کە ناوی ڕەخنە دژی لایەنێکی تێدابوو، بەهێزی چەکدار وەڵامێ نەدرێتەوە. حیزبی تفەنگ بەدەست و ڕۆح پاتریاکی و خێڵەکی، قودرەت تەڵەب هەر خۆی فەرز نەکات. لە دووبارەبوونەوەی ئاژاوەو هەڵکەندنی قەدماخەی سەر زامەکانی ئەم گەلە، پێشگیری بکری!!ئەمەش بەبوونی فەزایەکی دیموکڕاتیک دەکرێ،بە پوختە بوونی هێزو هوزری کۆمەڵی نوێ بونیاد دەندرێ. بۆ ئازادی و هەستانەوەی قەڵەمی سەربڕاو! بۆ دەست لەناو دەست نان، بۆ فێربوونی ژیانی سیاسی و بۆ فێربوونی قەبوڵی یەک! بۆ ناسینی مافی تاک و کۆ!!مافی هەڵبژاردنی باوەڕی سەربەست! بوونی هەڵبژاردنی ئازاد لەخزمەت پوختە بوونی کۆمەلگایەکی مودێرن. ئەم پوختە بوونەیە،کۆمەڵ دەتوانێ گوڵبکات وەچەکانی فێری تەحەموولی یەک و قبووڵی وەرگرتنی ڕەخنە لە یەک بن. کۆمەڵگایەک کە فێری قبوڵی ڕەخنە بوو، ڕەخنەی بەڕەخنە وەڵام دایەوە، زامنی پوختە بوونی بناغەکانی فکری لەیەک گەیشتن و تەحەموولی یەک دەست پێدەکات!؟ ئەم فەزایە دەتوانێ دەستی باندبازی دەسەڵات و خۆ فەرزکردنی تاک و حیزبی سەرەڕۆ بگرێ و مافی هەموو کەمینەیەک پارێزراو بێ. کۆمەڵە سەرەڕای کەمووکوڕی کە هەیبوو، ڕێگەی قەڵەموو دیالۆگی گرتە پێش و هەوڵیدا ڕوو لەخیتابی سیاسی بکات! باسی شاراوەو فریودانی جەماوەری هێنایە سەرشەقام و ناو کۆڕو کۆمەڵی کوردستان. نەک بەلولەی تفەنگ و هەلکوتانە سەر مینبەری ئازادی و زمانی دیالۆگ بڕین!؟ ئەمە زامێکە لەجەستەی ئەم بزووتنەوەی کوردستاندایەو وا بۆگەن بووە،هەموو کرمو میکرۆبێک بێ هیچ بەرهەڵستیەک هێلانەی تێدا دەکەن!!

لە سەرتایی دەستپێکردنی ڕاپەڕینی 1357 بەم لاوە،ئەم دووبەرەکایەتی وجیاوازیانە وجودیان بووە! بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ ئەوەڵجار بوو، کە هێزە چەپەکان تێیدا لەدایک دەبوو. ئەم هێزە کەوتە قسە لەسەر ئەم کێشانە،کە لەکۆمەڵگای کوردستاندا بوون. ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی گەشەی ژیانی شارستانی و ڕادەی خوێندەواری، ئیدی تەنیا لە قاڵبی نەتەوایەتیدا نەدەدوا؟ شان بەشانی کێشەی نەتەوایەتی، دەبێ باسی کێشەکانی مەوجودی تری کوردیش بکرێ. لەم ساتانەوە خەباتی ڕووبەڕووبوونەوەی کوردستان،لەگەڵ کۆنەپەرستانی ناو کۆمەڵگا و کۆنە ساواکی و مەکتەبی قورئان و فۆئداڵەکان و سازشی یەک لەدوای یەکی زۆربەی هێزەکانی کوردستان! خۆ بەدەستەوە دان وخیانەتی چریکی ئەکسەریەت و حیزبی تودە، هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی ڕژیم و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە؟ دوایش کوشتاری ئاشکراو نەهێنی حیزبی دیموکڕات دژی کۆمەڵە دەستی پێکرد. هەموو وەڵامی هەوڵی ئاشتی و سیاسی و دوانی قەڵەمی کۆمەڵەیان بەتفەنگ داوە. ئەگەر کۆمەڵە نەپوختو توند دەدوا،لە برێک کاتدا نادەقیق و چەپڕەوی دەنواند، ئیحساسی لایەنی موخاتبی دەتەزاند، کاری هەڵەی بوو، بەرخوردی نادروست و ناڕۆشن بەمەزهەب. لەسەر مەسەلەی کوردستان و لە دەستدانی کات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بزووتنەوە،کەئێستا زامەکەی لە جەستەیدا دەمیکردۆتەوە قبووڵکەین. بەڵام خۆ کۆمەڵە لەڕووی هیچ خیتابێکی سیاسی، لەڕووی هیچ قەڵەمێکدا، هەڵنەبەزیەوەو ئیجازەی بە خۆی نەدا،هەڕەشەی تفەنگ بێنێتە گۆڕ، کەسی لەسەر باسی سیاسی و باوەری ڕەخنە گرتن،

لە سەر نووسینی بابەتەکانی لە فلان ڕۆژنامەدا زیندانی نەکرد و نەی کوشتن! بەکەسی نەکوتوە دەبێ ئەوە بێ و ئاوا بنووسی، بەئیجازەی من هاتووچۆ بکەن؟ بەئیجازەی حیزبی من بژین! ئەوە ئارشیوی ئەم مێژووە زیندوە.
هەمووی ئەمانە بنەماو کڵی داخی دەوری ئەم بزووتنەوەیەن! بزووتنەوەی کوردستان، وەک بزووتنەوەیەکی میلی دێموکراتیک، کە کێشەی نەتەوایەتی تێدایەو گەورەترین کێشەیە و باری گرانی بەسەر شانمانەوەیە. بەڵام کێشەی تری گرنگ و چارەنووس ساز،لەم بزووتنەوەیەدا هەن یاننا؟ کورد بەیانی دەوڵەتی سەربەخۆش دامەزرێنێ؟ ژن سەر برین و نووسەر خنکاندن و قەڵەم شکاندن و مافی دەربڕینی ئەقیدەو باوەڕ نەبوو؟ دوای هەر خیتاب و وتارێک نووسەرەکەی بکوژن و زیندانی کەن، ئەم سەرکەوتنە ناکامڵە و ئیفلیجە. کۆمەڵە هەوڵیداوە ئەم کێشانەش بێنێتە گۆڕێ، دەیزانی باسی هەرکام لەمانە، توندو تیژی بەدواوەیە! کۆمەڵە دەیزانی دەستبردن بۆ ئەم کێشانە،ئاسان نییە. هەوڵیدا بەشێوەی سیاسیو سروشتیانە، بە بەکاربردنی زمانی سەردەم بەرەوپیری ئەم کێشانەوە بچێ.
کام لە کۆمەڵگاکانی مودێرنی دنیا، بەبێ توندو تیژی و شەڕە جنێو هاتوونە پێش؟ تا کوردستانی ژێردەست بتوانێ ئەم مەسافەتە بێدەردی سەر ببڕێ.
کەسێکی وەک ئەیوبزادەش پەیدا دەبێ و دەنووسێ" **پینەو پەڕۆی تیوری کۆمەڵە، بوونە هۆی کورد کوژی و شەڕی برا کوژی؟** ئاوا پاساوی سەربڕینی قەڵەموو ئازادی ئەقیدەو دەربڕینی بەیان دەکرێ! لێکۆڵەرەوانی ئاوا دەبنە شاهیدی مێژووی مودێرن و کارەساتی جەرگبڕی ئەم کۆمەڵگایە، دەدەنە بەر تیشکی ڕەخنەی قەڵەمەکانیان.
با بێن ئەو لاپەڕانەی پێمان وایە ڕەشن و کاری تاوانکاری تێدا کراون هەڵدەینەوە!! با بێن بە جورئەتەوە بڕوانینە مێژووەکەمان!! من لایەنگری ئەو هەنگاوەم، نەک لایەنگری چەواشەکاری. بزانین خیتابی چەپ بوون، بۆتە هۆی شەمزاندنی کۆمەڵگای کوردی؟ یان ناتێگەیشتووی خودی ئێمە لەسەر ڕوانینمان بۆ دیتنەوەی ڕێگەچارەی کێشەکان.
ئەیوب تێدەکۆشێ لە ڕێگەی پێشڕەوەوە! کەڕۆژنامەی کۆمەڵەیە سیاسەتەکانی کۆمەڵە نوێنەرایەتیی دەکات،کۆمەڵە بداتە بەرلێکۆڵینەوە! ئەمە مافی هەر کەسێکە لەسەر مەسائیلی کورد قسە بکات، بەئیشارە بەهەموو لایەنی ڕووداوەکان. بەڵام بەداخەوە! ئەو هەر لە دەست پێکردنی قسەکانی، دیارە بەدوای چییەوەیە!
لێرەدا ئیدی ناتوانی بێلایەن بێ و ئیدعای لێکۆڵەوەری بکات. لەم کاتەدا کە تۆزی کوردایەتی لەڕوانگەی ئەم زاتەوە بەرزە و تاڵەمووی پێڵووی چاوەکانی ئەم جۆرە کەسانەی گرتووە! ئەیوبیش تێیدا هەڵدەپەڕێ!
ئەیوب لەسەرەتای دەست بەکار بوونی،لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر ڕابردووی ئەم مێژووە،هێندە بەئەجەلە دەستی داوەتێ؟ کەفەرامۆشی هەمووی هەوڵەکانی کۆمەڵەی کردوە، بۆ خزمەت بە کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستان؟ ناوی گۆڤارەکان نازانێ و مێژووی لە دایک بوونی پێشڕەو لەیاد دەکات؟ لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە بێخەبەرەو هەردەم بیل قسە دەکات؟ ئەو نایەوێت خۆی لەقەرەی هیچ ڕاستیەک بدات؟ باسی چینایەتی کردۆتە هەموو ماتریالی باسەکانی و بەدوور لە موراڵی سیاسی! قەڵەمی سەرگەردانی وە مەلە خستوە؟ دەنا ناکرێ کەسێک بەلاپەڕەی مێژوودا بچێتەوە! گۆڤاری تری ئەم ڕێکخراوەیە نەبینی و نەزانی چیتری کوتوە و چ خیتابێکی ناجسنانەی تری دەکر کردوە.

نووسین و باسی مێژووی، خۆی کاری پیرۆزن و دەبێ دەس خۆشی لەوە کرێ، دوو دێڕ بەم مێژووانە زیاد دەکات و خاڵە لاوازەکانی وەدەر دەخات.

کێشەی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، کیشەی نێوان کرێکار و بورژوازی نەبوو. شەڕیش لەسەر ئەمە هەڵ نەئایساوە!! کێشەی کوردستانی ئێران، لەنێوان حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە، کێشە لەسەر قەوارەو ئەندازەی دیموکڕاسی و بۆ بەشی دەسەڵات لەم بزووتنەوەیە بوو، کەحیزب هەموو دەسەڵاتی کوردستانی بەهی خۆی و بەمیراتی خۆی دەزانێ، و ئیجازەی بە هیچ کەس نەدەدا بێ ئیجازەی ئەو متەق بکات.

ئەگەر لە نووسراوەکانی کۆمەڵەدا، توندو تیژی هەیە، ڕاستە کۆمەڵە قسەی چینایەتی دەکرد، ئەمەش بۆ زۆر حیزب قورس بوون، یەک لەوانە حیزبی دێموکڕات. ئەوەش لەو سەردەمەدا هاتوە کە،حیزبی (بورژوازی کوردە) بەهێزی کرێکاران لێیان دەدرێ، ئەوە ڕەنگە زۆربن لە ناونووسراوەکانی کۆمەڵەدا. چۆن حیزبی دێموکڕات وەک حیزبێکی میلی،دەیکوت"بەشەقیگەل کۆمەڵەکان لەکوردستان دەردەکەین". یان لەناو وتارو نووسراوەکانی حیزبی دێموکڕات،بە هەزار وشەی جاش،پۆلپۆت،هەڵخەڵەتاو،نۆکەر و ئەمریکای...هتد..؟ ئەمانە ڕاگەیاندن بوون لەسەر دەمی شەڕدا.

بۆ ئەیوبزادە،کۆمەڵە بەکورد کوژ و تاوانکاری دادەنێ؟ باسی خیتابی چینایەتی هێناوەتە گۆڕ؟ ئەمە خۆی قین و ئۆقدەی ئینسانی دەمارگرژن، لەمووقابیلی شتی گوزەشتە! بەسەر لایەنی موخالیفدا خاڵیدەکەن. بۆیە ڕاست ئاوقای خاڵی هەستیار و دروشمی حیزبێک بۆتەوە،کە لەسەر ئەم باسە قوربانی داوە. ئایا ئەمە لەسەر دڵسۆزی بۆ بزووتنەوەی کوردە؟ ئایا لەناو کوردا توێژی جیا نین و ئەم کێشانە وجودیان نییە؟ وەک کێشەی چینایەتی! بۆیە قسەش لە سەریان تاوان و کورد کوژییە؟ ئەیوبزادە پۆل پۆل کۆمەڵەیان دەکوشتن و تۆش دەستی ئۆخەیت بەسەر دڵتا دەهێنا؟

بەحەقیقەت دەڵێ هەر ئەو لەم جوڵانەوەیەدا بێمێهری پێکراوە! ئەوە لەناو کۆڕی نابژیواندا بووە، لە هەمووی ئەم دەورانەدا دەستی ڕەدی لەلایەن کۆمەڵەوە بەسنگەوە نندراوە؟ بەڵام ئەوەی ڕوونە و دیارە تەواو لەم مێژووە بێخەبەرە و لە ژێر ناوی کۆمەڵە لە بەڵگەدا بناسین، هەوڵدەدات ئاوا بدوێ؟

**ئەسڵی بابەت و دوان لەسەر کێشەی ساسکراو.**

با سەرنجیک بدەینە قسەکانی کۆمەڵە ناس لە توێی بەڵگەدا. ئینجا منیش وەک شاهید قسە دەکەم.

**ئەیوبزادە "دەڵی پێشرەو لە پوشپەڕیساڵی 1365 هەتاوی کەوتە بەر دەستی خوێنەر"**

ئەوە هەڵەیە، ئەو قسە لە پێشڕەوی دەورەی دوو دەکات، کە ساڵی 1365 دەورەی دووی دەست پێکردەوە، نەک تازە دەرچووبێ. ئەوڵ ژمارەی پێشڕەو لە ئەوەڵ مانگی هاوینی ساڵی1360دا هاتۆتەدەرێ و گەیشتە دەستی خوێنەر. ئەوکات مقەڕی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەبەر بۆمبارانی دەوڵەت ببوونە سێ بەش، بەشێکی لە ئاوایی "گەردیگلان" سەر بە ناوچەی سەقزبوو، بەشێکی لە ئاوایی"قەڕەڵی"و دۆڵی"ئاجیکەندی" سەر بە ناوچەی بۆکان بوو، ئەوەڵ ژمارەی پێشڕەو بەفارسیش دەرچوو.

**ئەیوبزادە دەڵێ"لەو ساڵانەی پێشرەو بە پینەو پەڕۆی تیوریکی بۆ شەڕی کورد کوژی دەهۆنییەوە. باسی نەتەوایەتی و کێشەکانی تری کوردی وەک، کلتورو فەرهەنگ و شتی تر لە بیر کردبوو".**
کۆمەڵە دەبوو بەدوای ئەیوبزادەدا بنێرێ وەک پسپۆڕێک،تا ئەم بێ ئەقڵییەی بۆ ڕاست کاتەوە؟ تەنیا بۆ هەر ڕۆژنامەی پێشرەوی هەیە و خیتابی چینایەتی تیا دەنووسی؟ ئەویش بۆ پینەو پەڕۆی تیوریکی بۆ شەڕی کورد کوژی؟
باڵە پێشدا بپرسین! کام تیۆری و شتی موزیرِی کۆمەڵە؟ دەبوو هۆی هەڵبەزینەوەی جەرەیانی نادێموکراتیک؟ ئەمە پرسیارە و تۆ هێناوتە پێش؟ کام پینەو پەڕۆ؟ دەبێ تۆ پەنجە لەسەر پینەکان دانێی؟ تەنیا کوتنی خیتابی چینایەتی کافی نین بۆ مەحکومکردنی لایەنی موخاتب. تۆمەتێک هەڵبەستی و کەسێک بخەیە بەر ڕەجم و لافاوی نەحلەت؟ وایبدەیە قەڵەموو پێشت وابێ لەتوێی بەڵگەکان ئەم پینانەت دۆزیوەتەوە. دەبوو ڕونتر تەقەڵی ئەم پینانە دەرخەی، تاکێشەی ئەساسی بۆ خوێنەر دەرخەی. تەنیا کوتنی شتی کوللی منی خوێنەر ناباتە سەر ئەوە، کە گوێت بۆبگرم وەک ڕەخنەگری بەئینساف قبووڵت کەم. پینەو پەڕۆی تیۆرکی کۆمەڵە لەناو ڕۆژنامەکەیدا،باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کوردستانبوو،وەک مافی ژنان؟ ڕیعایەتی مافی هەڵسوڕانی سیاسی، پێکهێنانی بنکەی زەحمەتکێشانی ئاواییەکان. کۆچی شاری مەریوان و ڕاکێشانی دەوڵەت بۆ پای وتوویژ لەسەر کێشەکانی خەڵکی کوردستان. ڕێپێوانی شارەکانی کوردستان بۆ دیفاع لەم کارە. کاری پێشرەو بە پێچەوانەی ئەوەی تۆ دەیڵێی نەبوو. ئەم ڕۆژنامەیەکە **"تۆ پێت پینەچی شەڕە"** پەنجەی لەسەر خاڵە لاوازەکانی ئەم بزووتنەوەیە دادەنا. لەو ڕۆژەی هاتەدەرێ، زمان حاڵی سیاسەتیکۆمەڵەو بەیانی مەینەتییەکان کوردستان بوو. بۆیە دەکەوتە بەر نیفرەتی دواکەوتووترین لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ئێستاش تۆ! ڕۆژنامەی پێشرەو قسەی ئەوەی لەخۆی دەگرت، کە با خەڵکی هەژاری کورد، ئەو خەڵکەی هیچ لایەنێک خۆی ناکاتە خاوەنی و کایە بەژیانی دەکەن! مافەکانی باس دەکردن، باسی گۆڕانی سونەتی کۆن و هاتنە گۆڕی فەرهەنگی کراوەی هێنابووە گۆڕێ. باسی با ژن بەژن نەمێنی؟ با خەڵک بوێرن باسی دەردە دڵی خۆیان بکەن، بامنداڵی زەحمەتکێش گوێ دەمیان بشکێ و بوێرن لە ناو مەجلیسدا قسە لە چارە نووسی خۆیان بکەن؟ قسەی پێشرەو ئەوە بوو با، نۆکەرەکانی ناو کۆمەڵ، کڵفەت و قەرەواشەکانی کورد، گاریەچی و وردەواڵە فرۆش و شوان و گاوانەکانی کورد،کرێکارو زەحمەتکێشی کورد مافی لێپرسینەوەیان لە سەرژیانی خۆیان بێ! ئەمەیە پینەی تیوری کورد کوژی کۆمەڵە!. ئایا بەڕاستی کۆمەڵە هەر کاری پینەوپەڕۆی تیوری بۆ کورد کوژی بوو؟ مەسائیلەکانی تری مەربووت بە ژیانی فکری کۆمەڵی کوردەواری فەرامۆشکردبوو؟ کاری بە سەر کلتورو فەرهەنگی نەتەوەی کوردەوە نەدابوو؟ ئەمانەی بە کێشەی خۆی و بەئەرکی خۆی نەدەزانی؟
من تەنیا بۆ وەڵام بەم تۆمەتەت، ئەوە دووبارەکەمەوە کە، بۆ ئاگاداری جەنابی ئەیوبزادە، کۆمەڵە بۆ خزمەت بە دەوڵەمەندکردنی بیری نوێ،لە فەرهەنگ و کلتوری کوردیدا،بۆ ئەوەی بتوانێ دەور بگێرێ و ئەم فەزایە بخولقێنێ کە زمانی کورد، وەک زمانی دایکی زەوتکراو لەکورد، بە شێوەیەکی مودێرن گەشەیان پێبداو بەگژداچوونەوەی دواکەوتووی و هەژاری کلتوری کورد و پێشێلکردنی ئەم سەرچاوەیە، بۆ کرانەوەی زمانحاڵی کۆمەڵ، هەنگاوی بەنرخی هەڵگری. جا ئەوە تۆی غەوارە نازانی؟ گوناحی

کۆمەڵە نییە. کۆمەڵە گۆڤارێکی یەکگجار دەوڵەمەندی بۆ وەڵام بەکێشەی فەرهەنگی کۆڵەوارو کلتوری کوردستان دانا بەناوی پێشەنگەوە. ئەم گۆڤارە هەوڵدەدا، لەژێر سەخترین شەڕایەتدا، بتوانێ ئەو کەڵێنە پڕکاتەوە لە ناو بزووتنەوەی کوردستاندا، کە دوژمنانی کورد لە تولی مێژوودا زەوتیاندەکردو کردبوویان. هەوڵیدا لە حەدی توانای خۆیداو ئەوەی دەستی دەیگاتێ،تۆزەکانی بتەکێنێ و دەوڵەمەندتری بکات. کە حیزبی تری زۆر کورد و خاوەن مێژوو کاری وایان بەلاوە عار بوو لەوکاتەدا؟ یان هەر بیریان لێنەدەکردەوە، ئەوە ئارشیڤەکانی کوردستان و سەری پێدابکە.
کۆمەڵەوەک هێزێکی سیاسی هەوڵیدا، بەپێی توانای خۆی و ئەو ئیمکاناتەی کەبووی لەو سەردەمەدا، بۆ گەشەی بیری نوێ لە گۆڤاری پێشەنگدا کارێک بکات. وەک هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری پەرەی بەم کارەیدا. هەموو ئەو شتانەی مەڕبووت بە مەسائیلی کلتورو فەرهەنگەوە بوو، وەک شیعر،گۆرانی، پەخشان، شانۆو چیرۆک و بەسەرهاتی تاڵی کۆمەڵ و کێشەی کۆمەلایەتی تری لە خۆدەگرتن و هەمووشی هەر ماون. کە چوارده ژمارەی ئەو سەردەمە کە دەرچوون، ئێستا لای من هەن وەک شاهید. بەلام ئەم هەڵسوڕانە لە تاراوگە بوون، بەداخەوە کەمتر دەگەیشتەوە ناو جێگەی مەبەست. بەهەرحاڵ کۆمەڵە بەپێچەوانەی لێکۆڵینەوەکانی ئەیوبزادە، کاری هەر شەڕە قسەو شان خاڵی کردن لە خزمەت بە کلتورو ئەدەبی کوردی نەبووە. بەڵکو ئەم ڕەوتەی هانداوەو کاری بۆکردوە. چاو لە شیعرو نووسراوەکانی هەموو حیزبەکان لەو سەردەمە بکەن؟ بزانە کام حیزبی کوردی بەقەت کۆمەڵە، لەبارەی شیعر، چیرۆک،بەسەرهات، نووسینی شانو، سرود، هاندانی هونەرمەندانی بەتوانا، بۆ خزمەت لەم بوارە کاری کردوە. ئێستاش ئەگەر گوێت لە بڕێک سروودی سەر ڕادێوو تەلەڤزیونە کوردیەکان بێ،هی کۆمەڵەن بەدەنگی ناسری ڕەزازی و مەرزیەی فەریقی کوتراون،یان کەسی تر دەیانڵێتەوە. کۆری هونەری کۆمەڵە گەورەترین دەوریان بووە!هونەرمەندانی وەک ناسری ڕەزازی، نەجمەدینی غولامی،مەرزییەی فەریقی،غولام عەلی ئاتەشین،لەبواریهونەروگۆرانی.کۆرینووسەرانیوەک ڕێبوارشێخلئیسلامی،مەحمودیسەجادی،ئەحمەدبازگر،ناسریحیسامی،ڕەشادیمستەفاسوڵتانی و دەیانی تر،لەوەرگێران و پاراوکردنی زمانی کوردی دەوری گەورەیان بووە. دانانی ئەوەڵ کتێبی خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی بۆ قوتابیانی کورد،بەناوی ئەلفوبێ،ژمارەی 1و2 بەرهەمی کوموسوێنی فێرکردن وبارهێنانی کۆمەڵە بوو،بەرهەمی ئەم کۆڕانەو کاری کۆمەڵە بوو. هەمووی ئەمانە لەلایەن ڕەهبەری کۆمەڵەو، کەسی بەتواناو بەئەزموونی وەک دوکتور جەعفەری شەفیعی بۆدانرابوو. ئەگەر ئەمانە شت نەبن بۆ خزمەت بەفەرهەنگ وکلتوری کوردی، لەخزمەت بەئەدەبیاتی کوردی؟ ئەی چیکەن کە هەبن لەمە زیاترین، لەو ساتە تالانەی ئەو سەردەمە؟ ڕەنگە کافی نەبن، بەلام هەنگاو بوون یان نا؟ لەناو فایلی حیزبە کوردیەکانی تردا بە ئێمەیان بڵێ. لەو ساتە وەختە دژوار و خوێناوییەدا! بەمنی نیشاندە؟ کام حیزبی زۆر کورد پەروەر ئەمەیانکرد؟ خۆیان بۆ ماندوو کرد؟ ئەی ئەگەر حیزبێک، کێشەی کوردی بەلاوە مەبەست نەبێ!! چۆنە ئاوا دەخرەفێ و هێزی خۆی بۆ ئەم کارە قورسە تەرخاندەکات. کە چۆن بەگژداچوونەوەی ئەدەبیاتی کۆن دەگرێتە بەرو، دێتە دوان لەسەر کێشەی کلتوری کورد؟ ئەویش لەم ساتە دژوارەدا هێزی خۆی بۆ تەرخاندەکات؟ ئەوە وەلامە بۆ مێژووە، نەک قسەی دژی ئەموو ئەو.

ئەیوب ئەیوبزادە دەنووسێ!

**(خوێندنەوەی سەقەتو تاوانبارانەی پێشڕەو{ ڕۆژنامەی کۆمەڵەیە"کەوانە هی منە"} لە سەر شەڕی دوو هێزی سیاسی چەکدار، ببووە هۆی ئەوە کە بچوکترین مەسەلە بەناوی شەڕی چینەکانەوە بۆ نوێڵدانی سۆبەی شەڕی براکوژی بە کار ببا. کەچی سەیر ئەوە بوو لەو شەڕەدا نە چینی بورژوازی بۆ پشتیوانی لە حیزبی بورژوازی کورد دەبیندرا و نە چینی پرۆلیتاریای "ئاگای" کوردستانیش بۆ بە چۆکداهێنانی نەیاری چینایەتی خۆی بە هانای حیزبی چینایەتیی خۆیەوە دەهات..**

**شەڕی حیزبەکان بەبێ بەشداری هێزو چینەکان لەتەواوی ماوەی ئەو شەڕە خوێناوییەدا، بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی خەڵکخڵەتێنی پێشڕەوە "چینەکان" خوازیاری کۆتایهێنانی دەسبەجێ بە شەڕەکە بوون و پێکەوە ژیانی بەئاشتی نێوان هێزە سیاسیەکانیان بەلاوە گرنیگترین مەبەست بوو.**

**بەڵام پێشڕەو بە مەبەستی ئەوە توانیبێتی هەرچی زیاتر مەشروعییەت ورەوایەتی بەشەڕی براکوژیبدا، گشت پەڤف و وشەو خیتابی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە شەڕکە وەک شەڕێکی چینایەتی بداتە قەڵەم تالەو ڕێگایەوە هیزو توانایەکی پتر بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی شەڕ خوازانەی بەدەستبێنێ.**

**بەکورتی، لەو قۆناغەدا"چین" و"خەتابی چینایەتی" ئامرازێک بوون بۆ هەڵگیرسانی شەڕی کورد کوژی و تێکدانی ڕیزەکانی نێوان بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

ئەوەی لەسەرەوە خوێندرایەوە، لێکدانەوەی سەقەتی ئەیوب ئەیوبزادەیە لەگەڕان لەبەڵگەکاندا. بەر لە هەر شتێک بزانین بۆ"خیتابی چینایەتی ئامرازێک بوون بۆ شەڕی کورد کوژی"؟ بۆچی قسە لە سەر کێشەی کۆمەڵایەتی دەبێ جورمبێ؟

هەر وەک لەپێشەکیەکەشدا ئیشارەم کردوە، بۆ قسە لە سەر چارەنووسی ژیان،دەبێتە ئامراز بۆ شەڕی کورد کوژی؟ ئەیوبزادە دەزانی کۆمەڵگایەک دەتوانێ ژیانی پێکەوە بوون قبوڵ بکات، کەلەسەر قسەو وتار، لەسەر خیتاب و دەربڕینی باوەڕت نەتکوژن. ئەوەی تۆ وەک خاڵی لاواز بۆ کۆمەڵەت نووسیوە، ئەوە دروست بەپێچەوانەی هەڵسەنگاندنی تۆ، کۆمەڵە بوو ئەمانەی کوتوە! ئەمانەی پێشکەش بە کۆمەڵگایکردن، پێشکەش بە تەرەفی موقابیلی کردوە، پێشکەش بە 6 ڕێکخراوی ناوبژیوانی کردن! کۆمەڵەزۆر هەوڵیدا دەسبەجێ و بێقەیدوشەرت، شەڕ ڕاوەستێ و ژیانی ئاسای دەست پێبکات و کێشەکانمان لەڕێگەچارەی سیاسی وگفتوگۆوە حەل کرێن. هەوڵیدا ڕێگای ژیانی بەیەکەوە ژیان خۆشکات،. هەمووی وەڵامی نا، و بەدانانی دەیان شەرت و شروت دەستی ڕەدی بەڕەو داندران! ئەمانە سەنەدیان هەیە و لەلاپەرەکانی مێژوودا نەسڕاونەوە.

(درێژەی هەیە).

Bahrami_51@hotmail.com